**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە: ١٩٨٦٨ لە ٢٠٢٣/١٠/١١**

پاڵپشت بە(ماددەی پەنجا) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :

**ڕێنمایی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی هەمواری پێنجەمی ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی(٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی پێنجەم) لە ڕێنمایی ژمارە(٩)ی ساڵی (٢٠٢٣) و زیادکردنی (خاڵی ١٢) بۆ (ماددەی حەوتەم) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ. پێشکەشکارانی ڕەسەنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ئەگەر هاتوو یەکێک لە بەڵگەنامەکانی وەکو (کارتی دەنگدان , یان پسولەی خۆراک یان کارتی نیشتمانی/ناسنامەی باری کەسی , یاخود کارتی زانیاری) پێشکەش بە زانکۆکان بکات کە بیسەلمێنێت دەکەوێتە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەم حاڵەتەدا ئەگەر پێشکەشکار لە کاتی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)نمرەی(١٠) دە بەرەو سەرەوەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی هێنابێت لە (٣٠) سی نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە ئەوا بە وەرگیراو هەژمار دەکرێت و لە دەرەوەی پلان کورسی خوێندنی بۆ تەرخان دەکرێت لە هەمان پسپۆری ورد و بەشی زانستی و کۆلێژ و زانکۆیەی کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تیایدا ئەنجام داوە .

ب. لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشەکە توانای وەرگرتنی لە ڕووی ستاف و سەرپەرشتیار بەپێی ڕێنماییەکان هەبوو یاخود لە ڕێگەی هاوبەشی زانستی (شراكة أكاديمية) نێوان زانکۆکان بۆ مەبەستی سوودوەرگرتن لە ستافی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن لە زانکۆکانی دیکە ، ئەوا ناوبراوان ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەرگیراوەکانی دیکە دەست بە خوێندنی ئەکادیمی دەکەن بەڵام ئەگەر هاتوو بەشەکە توانای وەرگرتنی نەبوو بەهۆی کەمی ستاف و سەرپەشتیار بەپێی ڕێنماییەکان , ئەوا خوێندنەکەیان دوا دەخرێت بۆ خولەکانی داهاتووی خوێندن بەڵام مافی وەرگرتنیان پارێزراو دەبێت بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکایەتی زانکۆکان فەرمانی وەرگرتن لە خوێندن و فەرمانی دواخستن لە خوێندنیان بۆ دەردەکات .

ج. سەبارەت بەلایەنی دارایی کرێی و خوێندنی سالانەی ناوبراوان بە شێوازی خۆرایی لەسەر ئەستۆی زانکۆکان دەبێت .

**ماددەی (٢):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێکی پێشووتر لە بارەی خوێندنی باڵا ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت هەروەها ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە خوێندن ئەوا بەپێی ڕێنماییەکانی پێشوویان لەسەر جێبەجێ دەکرێت .

**ماددەی (٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢٣-٢٠٢٤)ەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**هۆیەکانی دەرچوون**

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بەرجەستەکردنی دادپەروەری و یەکسانی و ڕەخساندنی هەلی درێژەدان بە خوێندنی باڵا / دیپلۆمی باڵا وماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بۆ پێشکەشکارانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند .

**د.ئـارام محمد قـادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**